ئەرشیفی بابەتەکانی فێرگەی هەموو بۆ کوردان

**چالاکی ئینتەرنێتی پرۆگرامەکان و SoftPerfect Fi.**

نووسەر: :@

چالاکی ئینتەرنێتی پرۆگرامەکان و Softperfect Firewall.
بوونی ئاگرە دیوار لە نێو هەموو کۆمپیوتەرێکی بەستراوە بە ئینتەرنێتەوە شتێکی گرینگە، بەڵام هەموو ئاگرە دیوارێك جێی باوەڕی بەکارهێنەری نین.
پرۆگرامەکانی ئاگرە دیوار زۆرن، نموونەی چەند پرۆگرامێك کە بەشێوەیکی بەربڵاو بەکارهێنەریان هەیە، بەڵام ئایا بەکارهێنەرانی ئەو پرۆگرامانە لەکاتی هەڵبژاردنیان بۆ پرۆگرامەکان بیریان لەوە کردۆتەوە کە ئەو ئاگرە دیوارە لەگەڵ ویست و پێویستیەکانی ئەودا دەگوونجێ یان نە؟!
زۆر بەکارهێنەر بەهۆی دڵنیابوون لەوەی کە زانیاریەکانی نێو کۆمپیوتەری پارێزراون، دەست دەدات بە دامەزراندنی ئاگرەدیوارێك، بەبێ لەبەرچاو گرتنی ئەو خاڵەی لەسەرەوە نووسراوە، بۆ نموونە پرۆگرامی Outpost Firewall یەکێکە لە پرۆگرامە زۆر چاکەکانی بواری کۆمپیوتەر پاراستن لە هاکەر، بەڵام هەموو بەکارهێنەرێکی کۆمپیوتەر پێویستی بەو پرۆگرامە نیە چوونکە چاکە. بەڵکو بەکارهێنەر پێویستی بەو پرۆگرامە هەیە کە باشتر دەیپارێزی و بتوانێ چاکتر کاری لەگەڵدا بکات.
لەم بابەتەدا هەوڵ ئەدەم ئاگرەدیوارێك شی بکەمەوە، لەوانەیە ناوەکەیت نەبیستبێ، بەڵام لەچەند خاڵێك دا مەبەستم لە هەڵبژاردنی ئەو پرۆگرامەدا دەخەمەڕوو.
* بەکارهێنانی زۆر ئاسانە و پیویستی بەهێچ لێهاتوویی و زانینەوە نیە.
* بەکارهێنەری دەتوانێ بەشێوەیەکی تەواو و بەویستی خۆی پرۆگرامەکە ڕێك بخات.
* چ بەکارهێنەری سەرەتایی و پێشکەوتووش دەتوانن بەکاری ببەن و بەشێوەیکی یەکجار زۆر لەگەڵ ویست و داخوازیەکاندا دەگوونجێ.
* لەکاتی کارکردنیدا کۆمپیوتەر خاو ناکاتەوە و وەك پرۆگرامێکی زۆر ئاسایی کار دەکات.
* قەبارەکەی زۆر لە پرۆگرامەکانی دیکە بچووکترە.
* و هەندێك تایبەتمەندی دیکەش.
شتێکی گرنگ کە لەم پرۆگرامەدا جێی تێبینیە ئەوەیە، کە هیچ پرۆگرامێك ناتوانێت پەیوەندی بە ئینتەرنێتەوە بکات گەر خۆت لە پرۆگرامەکەدا شێوەی پەیوەندیکردنەکەی بۆ دەستنیشان بکەیت.
بۆ زانیاری زۆرتر سەبارەت بە SoftPerfect Personal Firewall سەردانی ئەم بەستەرە بکە.
پاش داگرتن و دامەزراندن بیکەوە.
پەنجەرەی سەرەکی بەم شێوەیە دەبێت.




1> ئەو پرۆگرامانەی کە یاسارێزی کراون و یاسای پەیوەندیکردنیان بە ئینتەرنێتەوە بۆ رێکخراوە.
2> زۆرکردنی پرۆگرامێك و دانانی یاسا بۆی.
3> دەستکاریکردنی پرۆگرامێکی دەستنیشان کراو.
4> سڕینەوەی پرۆگرامی دەستنیشان کراو.
5> بردنەوە سەرەوە / خوارەوەی پرۆگرامێك لە لیستەکەدا.

لەم بابەتەدا چۆنیەتی ڕێگەپێدان یان پێنەدانی پرۆگرام بۆ پەیوەندیکردن بە ئینتەرنێتەوە شی دەکەمەوە.
بۆ زۆرکردنی پرۆگرامێك و دانانی یاسا بۆ ئەو پرۆگرامە کرتە لە Add بکە.




بەشی General.

لەخانەی Rule Name دا ناوی پرۆگرامەکە بنووسە، بۆ نموونە Paltalk بەڵام تۆ دەبێ ناوی ئەو پرۆگرامە بنووسی کە یاساکانی بۆ دادەڕێژی.

7> Pass Packet واتە ڕێگەپێدان بۆ پەیوەندیکردن. Reject بۆ ڕێگەپێنەدان.

8> شێوازی پەیوەندیکردن، ڕێگەپێدان بۆ وەرگرتن و ناردنی پەیوەندی یان هەردووکیان، بۆ پرۆگرامێکی وەك Paltalk چاکتر وایە Either هەڵبژێردرابێت، واتە هەردوو بەشەکە.

9> پرۆتۆکۆلی TCP هەڵبژێرە.

10> Any Interface هەڵبژێرە، بۆ ڕێگەپێدانی پرۆگرامەکە بۆ پەیوەندیکردن لە ڕێی هەموو کارتەکانی ڕایەڵەی نێو کۆمپیوتەر.

بەشی Source.




Source IP Adrees، واتە سەرچاوەی پەیوەندیگرتنی ئەو پرۆگرامە، بۆیە لەوکاتەدا My Computer هەڵبژێرە چونکە ئەو پرۆگرامە لەسەر هەمان کۆمپیوتەرە کە پرۆگرامەکەی دیکەی لەسەر دامەزراوە.

12> پۆرتی سەرچاوە، گەر دەزانی پرۆگرامەکە چ پۆرتێك بەکار دەبات بۆ پەیوەندیکردن، دەتوانی لە Port Range یان Prot List دا بینووسی، ئەگەر نازانی دەتوانی Any دەستنیشان بکەیت.

بەشی Destination.




شوێنی مەبەست، واتە ئەو شوێنەی کە پرۆگرامەکە دەیەوێ پەیوەندی پێوە بکات.
Any IP Adress هەڵبژێرە گەر مەبەستێکی دیارکراو و ڕوون نازانی بۆ پەیوەندیکردنی پرۆگرامەکە.
Any هەڵبژێرە بۆ ژمارەی پۆرت.
لە کۆتایی ئەو ڕیکخستنەدا OK کرتە بکە.
پاشان بگەڕێوە بۆ پەنجەرەی سەرەکی پرۆگرامەکە، دەبینی کە Paltalk رێگەی پێ دراوە و هێما یەکی شین و سەوزی لە بەرانبەرە.
بەڵام MSN Voice ڕێگەی پێنەدراوە و هێماکەی بلۆك کراوە.




کۆتایی.

Oct 2005 31

**Tighten Sagging Skin**
**30 Minute Face Lift! No Wrinkles Or Slack Skin. Retain Youthful Skin**

**Chin Bar**
**Your One-Stop Body Jewellery Shop. 100% Safe Shopping. Buy Online Now!**

Ads by Google